# کارزان مارکسییەکان بەئاژەڵ دادەنێ

باهۆز عەلی

کۆلکە خوێندەوارێك بەناوی کارزان خانەقینیەوە، بەچەند ووشەیەکی نزم، کە لەقەفی گۆچانەکەی جەلال تاڵەبانی لول ترو خوارترە، مارکس دەخاتە ئاست ئوسامەوە و زۆر بەدڵنیایی و بێ شەرمانەوە دەڵێ ئەو بەشەرانە ( واتە) تا کاتی نوسینی (وانە مێژووییەکەی) ئەو بڕوایان بەمارکسییەت بوبێ (لەجەنگەڵەوە هاتوون) ، یانی بیرکردنەوەیەکی سەرەتایی و حەیوان ئاسایان هەیە، دیارە تەنانەت مەبەستی قائیدەکانی خۆشیەتی ئەگەر بۆ سەعاتێکیش ئەو بیروباوەڕە قابیلی ئیحتیرام بوبێ بۆیان بەحەیوانیان لەقەڵەم دەدا، قسەکان ڕۆشنە ئەم کەسە لە چ ئاستێکی نزمدایە، لێرەدا تەنها دوو ئیحتیمال هەیە، ئەگەر ڕابەرەکانی ئەو دیفاعیان لێ دەکا باوەڕیان بە مارکسییەت هەبوبێ سووك وبارێك ئەوانیش دەگرێتەوە، ئەگەر باوەڕیشیان پێ ی نەبوبێ ئەوا اعترافێکی گەورەیە کە بۆ فریودانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەت کێش بەکاریان هێناوە، کارزان پێویست بوو بەر لە دەرپەڕاندنی ئەو (ئیفرازاتە) ورد بینانە تر لێکی بدایاتەوە !، وە ئێستەش هەر خۆی دەبێ ئەو حەکەمییە بکات و قەزاواتی لەسەر بدات، کە ئەوان مارکسی بوون یان نەبوون، خۆ ناشکرێ حاشا لەکۆمەڵەکەی نەوشیروان موستەفا بکات. زۆربەی ئەو حیزبانەش کە ئەمڕۆ دەیان بینی لەکوردستان و خەڵکیان لەدەور کۆبۆتەوە سەرەتا بە ئاڵای مارکسییەتەوە هاتونەتە مەیدان تەنها بۆ ئەوەی سیمای تەمەدون بەخۆیان بدەن و نفوز بۆ خۆیان ڕاکێشن.

ئەو ( ینك) ەی تۆش دیفاعی لێ دەکەیت بە ئێسك وپروسکی ئینسانی پرۆلیتاری وزەحمەت کێش کۆشکی دەسەڵاتەکەی بینا کردووە و ئاڵای چەکوش و داساوی هەڵگرتبوو، تۆش لە گوێ ی خۆتا خەوتوی، ( شێرکۆ بێ کەس) یش کە سەلیبی دۆستایەتیت بۆ کردوە بە سینگتەوە و چویتە سەر دینی، کاتێ نوسراوەکەی تۆ دەبینێ دەڵێ : بەراست ئەم ڕۆشن بیری جەریدەیە کە نازانێ دیفاعم لێ بکات بۆ ئابڕووم دەبات، پێشم وانی یە ئاگای لە دەروێش بوونی تۆ هەبێ

دیارە کارزان خانەقینی نەك هەر شایەنی ئەم جوابە نی یە، بەڵکو مەجبورم و دەمەوێ لەوە ئاگاداری بکەمەوە کە فیعلا ئەوەی جیاوازی مارکس و ئوسامە نازانێ لەجەنگەڵەوە هاتووە. بەڵام دیارە کارزان لەو ڕۆژەوەی دوو گوێ ی لێ ڕواوە ئەویینداری توتی بوونە، ئەوێك کە سەرە واوێك لە مارکسییەت نازانێ و، مارکس دەشوبهێنێ بەئوسامە ؟ ئوسامەیەك کە دژ بە تمدنە، ئەو حیزبە باڵ ڕەنگاوڕەنگەی کارزان، کە موخالەفەتێکیان نی یە بەدواکەوتوویی ئیسلامی و شەڕیشیان لە پێناو دەسەڵاتدا بووە و هیچی تر، وە هێندەی بەخێوکەری ئەو دواکوتوانە بوون، خۆ گەر بێت و تەنها یەك ڕۆژ نیو ئەوەندەشیان بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەت کێش بکردایە، ئێستە هێزی تاقانە خۆشەویست دەبوون لە پیرۆزیدا نەك لەکەدار.

مارکس هێندە گەورەیە هێندە پیرۆزە ئەگەر هەموو ئۆقیانوسەکانی دونیا و دونیایەکی تریش پێك هاتەی گەرد بن وە ئەو گەردانەش خۆشەویستی وئینسانییەت بن، هێشتا بۆ دڵی ئەو ڕابەرە کەمە، من نامەوێ وناشتوانم تەعریفی بکەم چونکە دەترسێم گوڵی خۆشەویستی ئەو بژاکێنم، ئەو کارە بەجێ دێڵم بۆ هەموو بەشەرییەت تەنها بەمن ئەنجام نادرێ، من زۆر بەدڵنیاییەوە دەڵێم کارزان نەك هەر هیچ شارەزانی یە لەمارکسییەت بەڵکو وەزیفەشی نی یە شارەزابێ، ئەوەشی کەدژی ئەوبەری چەم دەینوسێ دەزانێ خەڵکانێك هەن نارازین بە دوکانە تا بن میچ خوێناوی یەکەی ینك.

بەڵام خۆ مارکس ڕابەرێکی گەورەی کریکارانەو نەخشەی دونیایەکی یەکسان وبێ چەوساننەوەی بۆ بەشەرییەت کێشاوە، ئەو ئینسانەی تا ئەم سەدەیەش بەگەورەترین عەبقەری وفەیلەسوف ئامارکراوە، شانازیشی پێوە دەکرێ.

ئوسامەیەکیش کە دەیەوێ بەشەرەکان بباتەوە بۆ قەڕنی جەهل و بەرد قەڕنێك کە کارزان وڕابەرەکەی داکۆکیان لێ کرد جیاوازن، ئاخر تۆ پێم نالێ ی لەکوێ و لە چ کتێبێکدا ئەو غیرەتەت بینیوە یان خوێندوتەوە یان پێیان ووتوی دونیایەك کەمارکس لە پێناویدا تێکۆشاوە و دایدەمەزرێنێ، جیاواز نی یە لەدونیایەك کەڕیش پانەکانی هەڵەبجە هەردوێنێ بوو زیاتر لە ٤٠ پێمیمیان شاخ و گوێ کردن، ؟؟؟؟ بەڵام بێ مەسئولییەتێکی وەك تۆ بەس قسە فڕێدانی لەسەرە بۆیشت موهیم نی یە چەند لەسەرت دەکەوێ کێ بریندار دەکات، چونکە زەحمەتت بە شەخسییەتەوە نەکێشاوە هەر کۆپی یەو کۆپیش هەرزانە، یەکێتی لەو

مقاشانەی زۆرن. یان تۆ بەس مامەت بۆ موهیمە ومامەش نەك پێشمەرگەكانی خۆی بۆ موهیم نییە تۆش و ئینسانیەتیشی بۆ موهیم نییە بەغەیری دەسەلات وگیرفانی. خەزرەجی و وەفیق سامەراییم نەوتبێ،

وە هەركەسیش دیفاعی لە مامەكەی تۆ نەكرد دژی كوردە، وانی یە ؟ بەلام مامەی تۆ حیزب و ڕێكخراو نی یە لەكوردستان خوێنی لێ نەڕشتبێ، من دژی هەموو شەڕێكیش نیم بەلام پاشلێ حیزبەكەت هێندە پیسە كاری جوانیشی لێ ناشیرینە نەوەك شەڕ، شەڕیشی لە پێناو كاسە لێسی و بەكرێ گیراوی دا بووەو هیچی تر ئەمەش شایەنی ڕێزو دیفاع و پیرۆزی نی یە، ا نحیازیەت بەری چاوی گرتویت تۆش تەنها یەك شت دەزانی بنوسیت دیفاع لە تالەبانی وتالبانی،

حەمەسەعید دەیەوێ بلێ كورد ڕابەری فاشیلی ناوێ، بەسییەتی نەهامەتی و سەرگەردانی بۆ كورد، جیقلدانەت هێندە تەسكە، ئەمەت پێ قبوول ناكرێ، ئێستەش ئاخۆ خۆت بەچی لێ بێتە پێش چاو ئەوە هیچ لەماركس دلسۆز ترو عەبقەری تری، هەروەك چۆن پێویستە كورد وانەكانی تۆ بخوێنن لەپێش هەموویانەوە قەلەمەكەی حەمەسەعید پێویستە وانەكانی تۆ فێر بێت. سەرەنجام بەریتانیاش شەرم بیگرێ و بەرلە هەرشتێ پەیكەرەكەی ماركس بروخێنن وچیتر بەشەریەت فەخری پێوە نەكەن وە ئەوەی ئەم ئیختراعەی دۆزیەوە كوردێكە ناوی كارزان خانەقینی ( بینگۆۆۆ) .

لەكۆتاییشدا

هەرچەند من لەڕووی فكری یەوە دوورم لە حەمە سەعید حەسەن، بەلام دەزانم ئەو شۆڕشگێڕ ترە لەهەموو حیزبەكەت، دەزانم تا ئێستەش ئەم ڕەخنە گرە عەمالەتچێتی نەكردووە و، تەنها پشت وپەناشی ئەو نوسین و ئۆتۆریتەی خۆیەتی كە دروستی كردووە، تۆش بۆ حیزبێكی دەكەیت كە ئینسانیەت ناناسێ، ئەو قەلەمەش كە تۆ پێتە لەدامێنی چەكەوە كەوتۆتە خوارە وە ولە خەندە زیاترناكوژێ، بەلام قەلەمەكەی ئەو پەیكەری شیعرە دۆڕاوەكان تێك دەشكێنێ و هیچی تر.

كەنەدا

٢٠٠٣/١/٦

* لەوەلامی نوسینێكی كارزان خانەقینی لەبەرواری 5/1/٢٠٠٣ لە كوردستان نێت دا بلاوكرایەوە.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت